# چەند هەواڵێك لە میدیاكانی كوردستان و جیهانەوە

## خەبات 29-3-2005

## كورد شیعە لەسەر 100هەزار پێشمەرگە رێككەوتن

* هەردوو لیستی كورد و شیعە پاش گفتوگۆكردن و دانوستاندنێكی زۆر لەسەر مانەوەی 100 هەزار پێشمەرگە بۆ پارێزگاریكردن لە كوردستان رێككەوتن و ئەو هێزەی پێشمەرگەش دەخرێتە چوارچێوەی یاساییەوە و لەناو پێكهاتەكانی هێزە چەكدارەكانی عێراق لەژێر دەسەلاَتی حكومەتی هەرێمی كوردستان كار دەكەن و دەجولێنەوە.

## كوردستانی نویٚ 29-3-2005

## هەلَبژاردنی پارێزگاری كەركووك جارێكی تر دواخرا

* بڕیاربوو ئەمڕۆ (29ـ3) لەسێیەمین كۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكدا هەلَبژاردنی پارێزگار و جێگری پارێزگار و سەرۆكی ئەنجومەنی شارەكە ئەنجام بدرێت، بەلاَم سەرچاوەیەكی نزیك لەلیستی برایەتیی كەركوك بە رۆژنامەی (كوردستانی نویٚ)ی راگەیاند كەهەلَبژاردنەكە دواخراوە. گوتیشی: هۆی دواخستنەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تائێستا لایەنەكان نەگەیشتوونەتە بڕیارێكی یەكلاكەرەوە سەبارەت بەدابەشكردنی ئەو پۆستانە. بەلاَم كۆبوونەوەكانی لیستی برایەتیی لەگەلٚ بەرەی توركمانی و تەجەمموعی كۆماری درێژەیان هەیە. ئەوەشی روونكردەوە كە هەردوولا رەزامەندیی سەرەتایی خۆیان نیشانداوە كەپۆستی پارێزگار و سەرۆكی ئەنجومەن بۆ لیستی برایەتیی بێت، بەلاَم بەڕەسمیی هەلَوێستەكەیان رانەگەیاندووە.

## سایتی پەیامنێر

## بەرهەم سالَح : ئەگەر شیعە هێلَی سوریان بۆ دانین ئەوا دەگەڕێنەوە پەرلەمانی كوردستان و چارەیەك لە خۆمان دەكەین

* دكتۆر بەرهەم سالَح، جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق لە لێدوانێكی تایبەتیدا بۆ (پەیامنێر) رایگەیاند: گفتوگۆكانی نێوان لیستی كوردستانی و ئیئتیلاف شیعە بۆ پێكهێنانی حكومەت

پێشکەوتنێکی بەرچاوی بینیوە و بەتوندیش ئەوەی رەت کردەوە کە وەزارەتی نەوت بەلای شیعەکانەوە هێڵی سوور بێت و گوتی: سەردەمی دیکتاتۆرییەت لە عێراق باوی نەماوە، ئەگەر شیعە هێڵی سوورمان بۆ دانێن، دەگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانەکەی خۆمان و چارەیەك لەخۆمان دەکەین.

دکتۆر بەرهەم گوتی: گفتوگۆکان بەردەوامن، دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی زۆر نزیکبوونەوە هەیە لەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە هەندێ مەسەلە هەیە بە تەواوەتی بە دڵی ئێمە نین، بەلاّم لە دانوستان و گفتوگۆ نزیکبوونەوەی زۆر هەیە. باسی وردەکارییەکان ناکەم، بەلاّم لە چوارچێوە سیاسییەکاندا دەتوانین بڵێین گەیشتووین بە رێککەوتننامە و نزیکبوونەوەیەکی زۆر. ئەگەرچی وەك گوتم هەمووی بە دڵی ئێمە نییە و بەشێکیشی بە دڵی ئەوان (شیعە) نییە. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە هەیە کە هێشتا لای هەردوولا جێی باسە و ئەویش ئەوەیە کە ئێمە نامانەوێ تەنها ئیئتیلافەکە لە نێوان ئێمە و شیعەکاندا بێت. ئەگەر وابێت زۆر بە ئاسانی دەگەینە رێککەوتن و دەستبەجێش حکومەت دامەزرێنین. بەلاّم بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە حکومەتی داهاتوو، حکومەتێکی هەمە لایەنەی یەکگرتووی نیشتمانی بێت. لایەنەکانی دیکەی وەکو سوننە و لیستی بەڕێز عەللاویش تێیدا بەشداربن.

هەروەها گوتی: هەندێك هەن کە داوای ئەوە دەکەن کە بە دوو قۆڵی واتا (ئێمە و شیعە) حکومەت پێکبێنین. ئەو لایەنانەش لە ناو ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعەدان، بەلاّم ئێمە وەکو کورد ئەوەمان قبولّ نییە. خۆمان قوربانیی (80) سالّ لەبیرکردن و پشتگوێ خرانین، ئەوە قەبولّ ناکەین کەس پشتگوێ بخرێت.

لەبارەی ئەوەشەوە کە شیعەکان رایانگەیاندووە کە وەزارەتی نەوت بەنسبەت ئەوان هێڵی سوورە و نایدەنە کورد، دکتۆر بەرهەم گوتی: بەنسبەت ئێمەوە ئەو مەنتقە بە هیچ جۆرێك قبولّ نییە، دووەمیان ئەگەر ئێمە باس لە عێراق بکەین دەبێ عێراق هی هەمووان بێت، ئەگەر کاندیدایەکی باشمان هەبێ بۆ وەزیری نەوت، دەبێ ببێ بەوەزیر. نابێ هیچ رێگرێك لەبەردەم ئەوە هەبێ کە کورد لە عێراقدا پۆستیان پێ رەوا نەبیندرێت. پێشنیاز کردنی جەنابی مام جەلال بۆ سەرۆکایەتیی عێراق خۆی لەخۆیدا ئەو بەربەستە لەناو دەبات. ئەگەر عێراقین ئەوا تەواو تەواو عێراقین. ئەگەر شیعە هێڵی سوورمان بۆدابنێن، ئەو کاتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی خۆمان و چارەیەك لە حالّی خۆمان بکەین. هەروەها گوتی: من خۆم قبولّم نەکردووە ببم بە

وەزیری نەوت، قسەیان لەگەڵدا کردووم، تەنانەت هەندێ لە برا شیعەکان گوتیان ئەگەر بێتو جەنابت ببی بە وەزیری نەوت رەنگبێ ئاسانکاریی زیاتر بکەین، بەڵام من گوتوومە لەبەر هۆکاری تایبەتی ناتوانم قبوڵی بکەم.

لەبارەوی ئەو دەنگۆیانەش کە گوایە ناکۆکی هەیە لە نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر جێگری سەرۆك وەزیران، دکتۆر بەرهەم گوتی: هێشتا ئەو مەسەلانە یەکلا نەکراونەتەوە، بەڵام من دڵنیام و بە هەموو دڵنیاییەوە ئەو قسەیە دەکەم کە شتی لەو بابەتە نابنە کێشە لە نێوانماندا. ئێمە ئەمڕۆ لەسەر دووڕیانێکی مێژوویین و بەرپرسیاریەتییەکی گەورەمان لەسەر شانە بۆ ئەوەی شتێك بۆ گەلەکەمان بپچڕین. من پێم وانییە قەت لەسەر دابەشکردنی پۆست و شتی وا تووشی ناکۆکی و کێشە بین. هەروەها گوتی: ئێمە دەمانەوێ یەك جێگری سەرۆك وەزیران هەبێت، شیعەکان داوای سێ جێگر دەکەن. هەندێ بگرە و بەردە هەیە لەسەر ئەوە، بەڵام لەوە گرنگتر قسە لەسەر پێکهاتەی حکومەتە لە رووی بەشداربوون لە بڕیارداندا.

## ئازاد جوندیانی: بۆ پێهێنانی کابینەی حکومەتی کوردستان ئێمە لە قەیراندا نین

ئازاد جوندیانی بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ (پەیامنێر) رایگەیاند کە کورد پێ لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانیی لە عێراقدا دادەگرێت و لەو رووەوە هەوڵ بۆ بەشداری پێکردنی لیستی ئەیاد عەللاوی لە حکومەتی نوێی عێراقدا دەدات. هەروەها هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەشداری پێکردنی لیستی دکتۆر ئەیاد عەلاوی و سوننە ئەوەندە دەهێنێت کە پێکهێنانی حکومەتی بۆ دوابخرێت.

لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە گوتی: هەرچەندە ئێمە دوو ئیدارەین، بەڵام بە قەیراندا تێناپەڕین و بۆ کوردستان پەلەناکەین، چونکە هەموو قورسایی ئیشوکارەکانمان خستۆتە سەر بەغدا، دوای رۆژی سێشەممە پێدەچێت لەکوردستانیش دەست بکەین بە رێکخستنی حکومەتی نوێ.

هەروەها گوتی: من پێموایە حکومەتی هەرێم لایەنی کەم پێوستی بە کەناڵێکی فەزایی هەیە بۆ موخاتەبەی رای گشتیی عەرەب. ئەو مەسەلەیەش لە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێزان مام جەلال و

کاك مەسعود گفتوگۆی لەسەر کرا و مام جەلال پێشنیارێکی لەو جۆرەی هەبوو بۆ ئەوەی ئەو کەناڵە گوتاری هەموو کورد بێت لەگەڵ عەرەبی عێراق و دەرەوە.

## فەلاح نەقیب: هێزەکانمان زەرقاوییان گەمارۆداوە

فەلاح نەقیب وەزیری ناوخۆی عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵ رایگەیاند کە هێزی تایبەتی عێراقی بەرە بەرە موسعەب زەرقاوی بەرپرسی قاعیدە لە عێراق گەمارۆ دەدەن و بازنەی هاتووچۆی تەسك دەکەنەوە. نەقیب و گوتی: هێزەکانمان زەرقاوییان گەمارۆ داوە و هیوادارم بتواتین لەم زووانەدا دەستگیری بکەین، ئێمە زانیاریی زۆرمان لە سەر زەرقاوی بەدەست دەگا، بە جۆرێ زەرقاوی هەموو شوێنێکی عێراقی کردووە، چونکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە رادەکا، بۆیە بەم زووانە کاری تیرۆرستی کۆتایی دێت.

## واشنتۆن تایمز: کۆفی ئەنان هاوار بە ماڵی

بە گوێرەی هەواڵی رۆژنامەی (واشنتۆن تایمز)، کوفی ئەنان، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتوندی کەوتۆتە بەر رەخنەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی نەوت بەخۆراك و رەنگە کۆمسیۆن لەم هەفتەیەدا داوای دەست لەکار کێشانەوەی ئەنان بکات. رۆژنامەی ناوبراو لەو بارەیەوە رایگەیاند کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی نەوت بەخۆراك راپۆرتێکی سەبارەت بە کارەکانی خۆی ئامادە کردووە کە بڕیارە ئەمڕۆ (سێشەممە) بڵاوی بکاتەوە. لەو راپۆرتەدا بە روونی راگەیەنراوە کە کوفی ئەنان لە پێداچوونەوە بەسەر ئەو گەندەڵیانەی کە لەلایەن (کۆجۆ)ی کوڕییەوە ئەنجام دراوە، کەمتەرخەمی کردووە.

## سونگۆڵ چاپوك بۆ پۆستی جێگری سەرکۆمار دەپاڵێورێت

سونگول چابوك ئەندامی کاندیدکردنی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەۆك کۆماری عێراق راگەیاند. رۆژنامەی (سەباح) بڵاوی کردەوە کە نێوبراو خۆی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کاندید کردووە و ئەمەی لە ئاهەنگی یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئافرەتانی عێراقدا راگەیاندووە. چابوك لە رێورەسمی ئەو ئاهەنگەدا رایگەیاندبوو کە ئەو حەزی دەکرد پۆستی وەزارەتی بەرگری وەربگرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەش کردبوو کە تورکمانەکان لەعێراقدا توێژێکی زوڵملێکراو بوون و ئێستاش حەق وایە زیاتر لە پۆستێکی وەزارییان پێببڕێت و مافی خۆیانە دوو وەزارەت و یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی وەربگرن. چابوك جگە لە پێداگرتنی

لەسەر ئەوەی کە ئەو وەکو ئافرەت مافی وەرگرتنی پۆستێکی باڵای هەیە، رایگەیاندووە کە نوێنەرایەتی کردنیشی بۆ کەمایەتییەکی نەتەوەیی دووبارە ئەو مافەی دەداتیٚ. هەر لەو لێدوانەدا رایگەیاندبوو کە تورکمانەکان 13٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن و تەنیا وەزارەتێك گوزارشت لە قەبارەی راستەقینەی ئەوان ناکات.

## میدیا 29-3-2005

### هاوڵێکی مامەریشە لە داخی نەورۆز خۆی بۆکورد دەسوتێنیٚ

ئێوارەی رۆژی 20-3-2005 کەسێك بەناوی (باوەحسین کاکەیی) کە خەڵکی گوندی تۆبزاوەی سەر تاوخە و کاتی خۆی لەشاخ لەگەڵ مامەریشە پێشمەرگە بووە خۆی بۆ نەورۆز سوتاند و بەر لە خۆسوتاندنی گوتوویەتی: کورد هیچی بۆ نەکردم، بەڵام من خۆم لەپێناو کورددا دەسوتێنم.

### مشعان جبوری بەرامبەر بەکورد نمەك حەرام دەرچوو

مشعان جبوری لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە کورد داوای شتی زۆر دەکەن و چارەسەرکردنی خیلافەکان بەندە بەئامادەیی کورد بۆ پاشەکشێی ئەوان لە داواکارییەکانیان. هەروەها گوتی: کاتی سەردانی ئەندامانی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ کوردستان بارزانی داوای کرد بڕیار لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووك بدەن، بەڵام داواکارییەکەی رەتکرایەوە.

### سەربازانی کۆریای باشور وابرۆن سەگوپشیلەی هەولێر ناهێڵن

لەراپۆرتێکدا باس لە خۆشحاڵی سەربازانی کۆریای باشور کراوە لە هەولێر بەرامبەر ئەو رێزەی لێیان نراوە. بەپێی هەواڵەکان هەندێ لەو سەربازانە گۆشتی هێستر و سەگ و مار و بۆق دەخۆن. گرفتی زۆربەی ئەو سەربازانە تینی گەرمای هاوینە، چونکە وەك بۆیان باسکراوە گەرمای هاوینی هەولێر زۆر سەختە.

### تورکمانێکی کەرکووك سەری کورێکی خۆی بڕی

تورکمانێکی کەرکووکی لەگەڕەکی مامۆستایانی شاری کەرکووك سەری کۆڕێکی 23 ساڵانی خۆی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بڕی و دواتر بە چەقۆ دەست و قاچی بڕی و لاشەکەی

لەلایەك و سەرەكەشی لەلایەكی دیكە فرێدا، دواتر رۆژی 3.22 خۆی دایە دەست پۆلیس و گوتی كە ئەو لەسەر مەسەلەی شەرەف كوڕەكەی خۆی كوشت.

## لەسەر رێگای نێوان كەركووك و تووز شەرێك لەسەر ئالا

لەسەر رێگەی كەركووك ــ تازە خورماتوو لەسەر بەرزكردنەوەی ئالای كوردستان و ئالای بەرەی توركمانی شەڕێك لەنێوان سەیرانكەرانی كورد و لایەنگرانی بەرەی توركمانی روویداوە، لەو شەڕەدا چەند كەسێك بەسوكی برینداربوون، دواتر لەلایەن هێزەكانی ئاسایش ئاژاوەكە كۆنترۆڵ كرا.

## لە ئامادەیی پیشەسازی هەولێری كچان لە یادی كیمیابارانی هەڵەبجە ئاهەنگ دەگێردرێ

رۆژی (2005.3.16) كە هاوكاتی یادی كیمیابارانی هەڵەبجەیە ئامادەیی پیشەسازی كچانی هەولێر لەكاتی دەوامی رەسمیدا ئاهەنگیان گێڕا و قوتابیانی ئەو ئامادەییە بەجل و بەرگی كوردییەوە كەوتبوونە هەڵپەركێ و گۆرانی گوتن، چەند پۆلیسێكی وەزارەتی پەروەردە چووبوونە ئامادەییەكە بۆ راگرتنی ئاهەنگەكە، بەڵام بەرێوەبەری ئامادەییەكە گوتوویەتی ئێمە بەئاگاداری دام و دەزگاكانی پەروەردە ئەم ئاهەنگەكەمان گێڕاوە كە چەندین جار دواخراوە. لەبەرامبەر ئەم قسەیەشدا قەرەنی ئەسوەد بەرێوەبەری پەروەردەی هەولێر رایگەیاندووە: من ئاگاداری ئەو ئاهەنگە نەبووم، بەڵام لەوانەیە هەڵەكە لە ئاكامی ئەوە بووبێ كە مانگی ئادار مانگێكی تێكەڵە لە خۆشی و ناخۆشی.

## لە هەولێر بە دەمگوتنی لا اله الله هاولاتیەك دەكوژرێ

رۆژی 2005.3.15 كەسێك بەناوی (نەبەز عەلی قادر) بەچەقۆ پەلاماری هاوولاتییەك دەدا بەناوی مام عەبدوڵلا و دەیكوژێت، هۆی كوشتنەكەش ئەوەبوو كە مام عەبدوڵلا لەماڵەكەی هاتۆتەوە بینیویەتی كە بكوژەكە لە دەرگای ماڵی دراوسێكیان دەدات، ئەویش پێی گوتووە: كەسیان لەماڵ نییە. نەبەز عەلی بەو قسەیەی مام عەبدوڵلا هەڵدەچێ و پەلاماری دەدات بەدەم هاواركردنی (لا اله الا الله) پێنج چەقۆی لێ داوە، دواتر جنێوی بەهەموو بەرپرسانی كورد داوە و گوتویەتی: ئەمرم بەدەستە هەتا 10 كەس بكوژم. رۆژی دواتر كەس و كار و ناسیاوی مام عەبدوڵلا بەرێپێوانێك تەرمەكەیان بردۆتە بەردەم پارێزگاری هەولێر، چونكە هەندێ ئاغا و

دەوڵەمەند ویستویانە پشتگیریی لە تاوانبارەکە بکەن گوایە باری دەروونی تێکچووە. بەڵام پارێزگاری هەولێر بەپێر داوای کەس و کاری ئەو قوربانییەوە چووە و بەڵێنی پێداون کە بەراپۆرتە پزیشکییەکەدا بچنەوە و بڕیاری گرتنی بکوژەکەشی داوە.

## تورکمن ایلی 27-3-2005

### بەرەی تورکمانی داوای ئازادکردنی تیرۆریستان دەکات

رۆژی هەینیی رابردوو دوای نوێژی هەینی هەندێ لەتورکمانەکانی کەرکوك رێپێوانێکیان بۆ ئازادکردنی تورکمانە گیراوەکان رێکخست کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەسگیرکراون. نەجمەدین قەساب ئۆغلو کە ئەندامێکی سەرکردایەتیی حزبی نیشتمانیی تورکمانە و لەرێپێوانەکەدا بەشداربووە گوتی: پێویستە سەرجەم ئەو پۆلیسانەی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا هەڵیان کوتاوەتە سەر بارەگاکانی بەرەی تورکمانی دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا و بە سزای رەوای خۆیان بگەیەنرێن چونکە ئەوانە پیرۆزیی ماڵ و موڵکی خەڵك پێشێل دەکەن و بەتاڵانی دەبەن.

## ئاژانسی هەواڵی ئێران(ایرنا)

### موقتەدا سەدر داوا لە کورد دەکات باسی کەرکوك نەکەن

موقتەدا سەدر لەبەیاننامەیەکدا داوای لە کورد کردووە کە دەست لە داواکردنی کەرکووك هەڵبگرن، چونکە ئەگەر کورد لەسەر ئەو داوایە بەردەوام بن کە کەرکووك بخرێتە سەر کوردستان ئەوە یەکپارچەیی عێراق دەکەوێتە بەر مەترسی. بەگوێرەی ئەو بەیاننامەیە کە لە رادیۆیی عێراقی ئازادەوە بڵاوکراوەتەوە موقتەدا سەدر رایگەیاندووە: ئەگەر کورد خۆیان بەعێراقی دەزانن چ پێویست دەکات داوای کەرکووك بکەن، ئەو داوایەی ئەوان زیان بە یەکپارچەیی عێراق و (یەکێتی نەتەوەیی!) عێراق دەگەیەنێت و رێگە بۆ پارچە پارچەکردنی عێراق خۆش دەکات.

هەروەها موقتەدا سەدر لە بەیاننامەکەیدا دەڵێ: داوا لە کورد دەکەم هەوڵ نەدەن کەرکووك بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن، چونکە پارچە پارچەکردنی عێراق بەر لە هەموو لایەك زیان بە کورد دەگەیەنێ و کاردانەوە خراپەکانی بۆ کورد دەگەڕێتەوە. جێی وەبیر هێنانەوەیە هەفتەی رابردوو موقتەدا سەدر بە نوێنەرایەتیی خۆی شاندێکی ناردە لای

سەرکردایەتیی کورد و داوای لە کورد کرد پشتگیریی لە گروپەکەی ئەو بکەن تا چیتر لەلایەن ئیئتیلاف شیعەوە پشتگوێ نەخرێت، هەروەها گلەیی ئەوەی کردبوو کە لەئیئتیلاف شیعەدا تەنها ئەنجوومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی و حزبی دەعوە خاوەن بڕیارن و حساب بۆ لایەنەکانی دیکە ناکەن، بۆ ئەوەش داوایان کردبوو سەرکردایەتی کورد میانگیریی بکەن و دەرفەتی بەشداربوون بۆ گروپی سەدر بڕەخسێنن، لەبەرامبەر ئەوەشدا گروپی سەدر پشتیوانی لە جێبەجێ کردنی تەواوی مادەی 58 دەکەن، بۆیە ئەو هەڵوێستەی ئێستای موقتەدا سەدر و هۆشداری دان بە کورد کە دەست لە کەرکووك هەڵبگرێ بادانەوەیەکی سەیری دیکەی موقتەدایە.

## شرق الأوسط

## فوئاد مەعسوم: کەسانێکی شۆفینیست لەناو لیستی شیعەکان دژی کوردن.

دکتۆر فوئاد مەعسوم لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (شرق الاوسط) هێرشی کردۆتە سەر چەند ئەندامێکی لیستی یەکگرتووی شیعە و بە شۆڤینی وەسفی کردوون، ئەم هێرشەشی لەبەرامبەر ئەوەیە کە ئەو کەسانە سوکایەتیین بەداخوازییەکانی کورد کردووە گوایە کورد لە ئاستی خۆی داوا دەکات.

## موچەی مامجەلال 10 هەزار دۆلارە

سەرچاوەیەك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق مووچەی سەرۆك کۆمار و وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی ئاشکرا کردووە، بەپێی سەرچاوەکە مووچەی سەرۆك کۆمار 10 هەزار دۆلارە، موچەی هەریەکە لە وەزیرەکان و ئەندامانی پەرلەمانیش (5) هەزار دۆلارە.

## تاریق عەزیز: حوسێن کامل شێت بوو

پارێزە بەدیع عارف عیزەت بەشێك لە گوتەکانی تاریق عەزیزی بڵاوکردۆتەوە کە بۆ لێکۆڵەرانی تایبەت بە گەندەڵییەکانی بەرنامەی (986) قسەی کردبوو، تاریق عەزیز لە قسەکانیدا پاکانەی بۆ پوترس غالی کردووە کە هیچ بەرتیلێکی لە رژێمی ئەوسای عێراق وەرنەگرتووە، ئەو پڕوپاگەندانەش کە دەڵێن پوترس غالی 14 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە هیچ بنەمایەکیان نییە، بەڵام عێراق هەمیشە پشتیوانی ئەوانەی کردووە کە هەڵوێستیان بەرامبەر بەئێمە باش بووە.

تاریق عەزیز لە قسەکانی خۆیدا هێرشی کردۆتە سەر حوسێن کامل و دەڵێ: کوشتی ناوبراو کارێکی پێویست بوو، چونکە لە هەوڵی ئەوەدابوو پارە بباتە دەرەوەی عێراق، حوسێن کامل مرۆڤێکی نارۆشنبیربوو، نەخۆشی دەروونی هەبووە.

## الحياة

## مەجلیس ئەعلا: گرەنتی هەردوو دۆسیەی کەرکوك و پێشمەرگەمان بە تورکیا داوە

عەممار حەکیم کەسایەتی دووەم لە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی ڕایگەیاند: سەردانەکەم بۆ تورکیا ڕەنگدانەوەی (سیاسەتی کرانەوە بەڕووی ناوچەکە)یە کە ئەوەش سیاسەتی گروپی ئیئتلافی شیعەیە. هەروەهاڕایگەیاند کە هەردوو دۆسیەی پێشمەرگە و چارەنوسی شاری کەرکووك، دیارترین دۆسیەکانی وتووێژەکەمان بوو لەگەڵ تورکەکان. هەروەها دۆسیەی PKK گرنگییەکی زۆری هەبوو. ناوبراو گوتی: بەرپرسە تورکەکانم دڵنیا کردۆتەوە کە نەهێشتنی گروپە تیرۆریستەکان لەعێراق لە پرۆگرامی حکومەتی نوێی عێراق دایە و هەروەها حکومەتی نوێی عێراق کار بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێکانی دەکات. هەروەها گوتی: لەو سەردانەدا نیگەرانیی تورکیام لەبەرامبەر دۆسیەی پێشمەرگە و کەرکووك و PKK ڕەواندەوە.

## شبكة

## شێخێکی جبور لە کەرکووك هەڕەشە لە کورد دەکات

(ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی) لە هەواڵێکدا رایگەیاند: کەسایەتییە ناسراوە عەرەبە شیعەکانی کەرکوك ئەمرۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانیان لەگەڵ سەرکردەکانی تورکمان ئەنجام دا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی پیلان و هەڵمەتەکانی کورد بۆ دەرکردنی عەرەب لە کەرکووك. لەو بارەیەوە عەواد جبوری کە کەسایەتییەکی ناسراوی عەشیرەتی جبورە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە هەوڵەکانی کورد پوچەڵ بکرێنەوە و فیدرالیەت نەچەسپێ و کەرکووکیش بەشارەکانی باکوری عێراق نەلکێندرێت. جبوری لەکۆبوونەوەکەدا دوپاتی کردەوە کە عەرەب و تورکمان شان بەشانی یەکتری لەدژی ئەو هەڵمەتانە ڕاوەستاون. جبوری ڕایگەیاند کە بەم زووانە کەرکووك لە

ژێر دەستی ئەمریکی و کورد ڕزگار دەکرێت. هەروەها لایەنی تورکمانیش لەسەر زاری یاوز عادل ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی تورکمانی هەمان بوچوونی هەبوو لەبارەی بەر پەچدانەوەی هەموو پیلانەکانی کورد لە کەرکووک.

## Milliyet

## محەمەد ئاگار: کۆماری تورکیا گەورەترین دەوڵەتە بۆ کورد

* محەمەد ئاگار سەرۆکی حزبی ڕێگای راستی تورکیا لە کۆنگرەیەکی حزبەکەیان کە لەدیاربەکر بەسترا گوتی: کۆماری تورکیا گەورەترین دەوڵەتە بۆ کورد، هیچ شوێنکیش بۆ ئەو کەسانە نییە کە دەیانەوێ ئەو ولأتە دابەش بکەن، هەردوو گەلی تورك و کورد ئاوێتەی یەکتربوون و جیاناکرێنەوە. لەکۆتایی وتارەکەشدا بە زمانی کوردی خواحافیزی لەئامادەبوانی کۆنگرەکە کردووە.

## Zaman

## کورد پێ لەسەر بەشە نەوتی عێراق دادەگرن

لەهەواڵێکدا باس لە رێککەوتنی نێوان لیستی یەکگرتوی شیعە و لیستی هاوپەیمانی کوردستان کراوە بۆ دابەشکردنی داهات، هەواڵەکە دەڵێ: کورد سورە لەسەر دەستەبەر کردنی یەکێك لەوەزارەتەکانی نەوت و دارایی. سەرچاوەیەکی کوردیش رایگەیاندووە کە لەکۆی 11٫800 کرێکاری کۆمپانیای نەوتی باکور 2000 کارمەند تورکمانن و 610 کارمەند کوردن، ئەوانی دیکەش هەر هەموو عەرەبن، هەر بۆیە کورد ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان لانیکەم 50٪ی کرێکارەکانی بکەنە کورد.

## Askam

## نەبوونی مامۆستای وانەی کورد گەورترین ئاستەنگە لەبەردەم خوێندنی کوردی

عومەر کورد بەرپرسی خولی فێرکردنی زمانی کوردی لە ئورفا لەلێدوانێکدا رایگەیاند کە بەرنامەکەی ئەوان چەند ئاستەنگێکی گەورەی لەپێشە، تائێستا ئیمکانیات و ژمارەی پێویست مامۆستایان نییە کەوانەکان بڵێنەوە، داوایان لە حکومەت کردووە پێداویستی ماددی و مەعنەوییان بۆ دابین بکات.

## ئەمریکا دەست لە بنکەی ئێنجەرلیك هەڵناگرێ

دوای تەواوبوونی وتوێژەکانی نێوان شاندێکی پایەبەرزی ئەمریکایی لەگەڵ بەرپرسانی سوپای تورکیا سەرچاوەیەکی تورکی رایگەیاند کە ئەمریکا سورە لەسەر بەکارهێنانی بنکەی ئینجەرلیك، ئەم بەکارهێنانەش بەشێوەیەکی کراوە دەبێ و تەنها بۆ ئەفغانستان و عێراق نابێ، هەروەها ئامانج لە بەکارهێنانی بنکەکەش ئاشکرا ناکرێ کە ئاخۆ ئەوان چ دەوڵەتێك دەکەنە ئامانجی خۆیان.

## دیترۆیت فری پرێس 28-3-2005

## بەرپرسێکی پارتی لە بەغدا: کورد مافی خۆیەتی25٪ داهات داوا بکات

* لەراپۆرتە هەواڵێکدا لەبارەی وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەعێراق هاتووە:

یەکێ لە خاڵەکانی گفتوگۆی نێوان کورد و شیعە تەرخانکردنی 25٪ داهاتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانە، لەوبارەیەوە فەرەج حەیدەری بە نووسەری گوتووە: پاش ئەو هەموو مەینەتی و کاولکارییەی لەسەر دەستی رژێمی روخاوی عێراق بەسەر گەلی کورد و کوردستاندا هاتووە، کورد مافی خۆیەتی ئەم رێژەیەی بۆ تەرخان بکرێ. سەعد جەواد لە لیستی شیعە لە بارەی کەرکووک گوتویەتی: لەگەڵ کورد ریککەوتووین پرسی چارەنووسی کەرکووک بەو ریفراندۆمە ببەستینەوە کە دواتر لە شارەکە ئەنجام دەدرێ.

## 2005−3−28 Turkish Daily News

### زۆرینەی خەڵکی تورکیا لەگەڵ باشکردنی پەیوەندییەکانن لەگەڵ ئێران و سوریا

* لەراپرسییەکدا کە لەنێوان 16ـ21 شوبات لە لایەن هەردوو سەنتەری میترۆپۆڵ ستراتیژیك و سەنتەری لیکۆڵینەوە کۆمەلایەتییەکان لەتورکیا ئەنجام دراوە، ئەنجامەکانی وا پێشان دەدەن کە 73.5٪ی بەشداربووان پێیان وایە حکومەتی ئێستای تورکیا لەسەر ئاستی بەرێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات زۆر سەرکەوتوو بووە و 50٪ی بەشداربووان پێیان وایە دەور و دراوسێی تورکیا هەموویان دوژمنن و، زۆرینەی بەشداربووانیش پشتگیریی لە هەوڵەکانی حکومەت دەکەن بۆ چاکترکردنی باری پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا و ئێران.